# ئایا هەلومەرجەکانی دیموکراسی لە باشوری کوردستان خەملّیوە؟

شاهۆ تۆفیق

ئه گه ر بمانه وێ وه ڵامی ئه م پرسیاره بده ینه وه، ئه وا ده بێ باسی هه ندێ له و هه لو مه رجانه بکه ین که دیموکراسی تیایداگه شه ده کات.

جاله به ر ئه وه ی ناکرێ کوردستان وه ك ده وڵه ت پێناسه بکه ین؛ ئه وا ناشکرێ مه رجه کانی دروست بوونی ده وڵه تێکی دیموکراسی به سه رئه وبه شه ی کوردستاندا بسه پێنین، به ڵام ده کرێ وه ك ده سه ڵاتێکی به ڕێوه بردن قسه ی له سه ر بکه ین که له وانه یه ببێته هه رێمێك له سیستمی فیدراڵی ووڵاتێکدا.

ئێمه لێره دا نامانه وێ باسی ئه وه بکه ین که چۆن دیموکراسی دروست ده بێ و گه شه ده کات، به ڵکو باسی هه بونی دیموکراسی ده که ین به ڵام به شێوه یه کی لاواز یان نه خه مڵیو.

کاتێ دوای نه مانی دیکتاتۆری و زوڵم و چه وساندنه وه. . کۆمه ڵگا ئاهێك هه ڵده کێشێ و. . ئازادی خۆر ده بینێ و زمانه کلۆمدراوه کان ده کرێنه وه؛ شێوه یه ك له سه ربه ستی لای تاکه کانی کۆمه ڵ دروست ده بێ، که ئه گه ر به شێوه یه کی ڕاست و زانستیانه مامه ڵه ی له گه ڵ بکرێت ده کرێ ببێته کرۆکی دروست بوونی سیستمێکی دیموکراسی.

ئازادی ڕاده ربڕین و پێکهێنانی پارتی سیاسی و دروست کردنی ڕێکخراوی پیشه یی و زانستی و هونه ری، هه روه ها پاراستنی مافی مرۆڤ و چه نده ها شتی تر مه رجی پیاده کردنی دیموکراسین. . ، به ڵام دوو فاکته ری زۆر گرنگ هه ن که له کاتی نه بون یان لاواز بونیاندا ده بنه هۆی تێکچون و لاسه نگ بوونی پرۆسه که . . ئه وانیش ئه مانه ن :

1- به شداریکردنی جه ماوه ر له به ڕێوه بردن و بڕیارداندا.

2- دروست بوون یان هه بوونی ژێرخانێکی به هێز.

ئه گه ر ئه و دوو خاڵه ی سه ره وه باس بکه ین له ژیانی سیاسی و کۆمه ڵایه تی خه ڵکی کوردستاندا، ده بینین به شێوه یه کی به رچاو لاوازیان تیایه و به و پێیه ش کارده که نه سه ر گه وهه رو مانای دروست بوونی سیستمه که، چونکه نه بوونی ئه و دوو فاکته ره ده بێته هۆی پته و نه بوونی کۆڵه که ی ته لاری ئه و کۆ مه ڵگایه ی که هه مومان خوازیارییین.

1- به شداریکردنی تاکی کۆمه ڵ له بڕیاری سیاسی و چا ره نووسسازدا.

ئه گه ر به شداریکردن له گه مه ی هه ڵبژاردندا مافی پارته سیاسیه کان بێت، ئه وا مافی هه ڵبژاردنی ئه و پارتانه بۆ هه موو تاکێکی کۆمه ڵ مافێکێ ڕه وایه که مه رجی به شداریکردنی تیابێت، چونکه کاتێك له سیستمێکی دیکتاتۆری مافخۆردا ده سه ڵات به ته نها بۆ تاکه که س پاوان کرابێ و هه ر ئه و بۆی هه بێ بڕیار له چاره نووس بدا. ! ئه واله سیستمی نیمچه دیموکراسیدا ئه ومافه ده که وێته ده ستی پارتێك یان کۆمه ڵه که سێك که خۆیان به دیاریکه ری چاره نووسی گه ل ده زانن.

به داخه وه له کوردستاندا به شداریکردنی جه ماوه ر نه گه یشتۆته ئاستی پێویست. . بگره زۆرجاریش له هه ندێ شوێن به لاوه نراوه. ؛ دیاره هێندێکی باش له ئازادییه گشتییه کان بوونیان هه یه و نکۆڵیان لێ ناکرێ وه ك:

هه بوونی چه ندین پارتی سیاسی و ڕێکخراوی پیشه یی و جه ماوه ری (هه رچه نده که م تازۆر په یوه ندیان به حیزبه کانه وه هه یه) هه روه هاده رکردنی چه ندین ڕۆژنامه و گۆڤار و هه بوونی که ناڵه جیاجیاکانی میدیاو ئازادی ڕاده ربڕین و کۆڕو کۆبوونه وه. . ؛ ئه مانه و چه ندین شتی تر که هه رچه ندکه م وکورتیشیان تیابێت کاری باشن و ده بێ باس بکرێن. ، به ڵام نه بوونی ده نگی جه ماوه ر له کاره هه ستیا رو گرنگه کا ندا جێی وه ستان و باسکردنه، واته هه موو ئه و بڕیارانه ی که په یوه ندیان به پاشه ڕۆژی خه ڵکی کوردستانه وه هه یه له کاتی ده رکردنیاندا پرسی جه ماوه رناکرێ .

ئه گه رچی هه ندێ جار ئه و بڕیارانه له گه ڵ ویست و ئاره زووی خه ڵکیدا یه کده گرنه وه، به ڵام له هه ندێکی تردا پێچه وانه ی ئه و ئاره زووانه ن، وه ك: بڕیاردان له سه ر جه نگ و حه ڵاڵکردنی هاوکاری له گه ڵ ئه م ووڵات یان ئه و ووڵاتی داگیرکه ری کوردستان یاریکردن به به روبووم و سامانی نه ته وایه تی.

کاتێ خه ڵکی کوردستان له ساڵی (1992) له هه ڵبژاردندا به شداری کرد، هیوای زۆری به و په رله مانه بوو که له ڕێگایه وه بتوانێ به شداری له بڕیارداندا بکات. ، به ڵام نه یزانی خودی ئه و په رله مانه ش ده که وێته به ر مه ترسی و هه ڕه شه ی بێتوانایی و ده بێته یه خسیری بڕیاری حیزبه کان ؛ خۆ ئه گه رکاتی هه ڵگیرسانی شه ڕی ناوخۆ پرس به کۆمه ڵانی خه ڵك بکرایه، ئه و شه ڕی نه ده ویست، یادواتر داوای وه ستانی شه ڕه که ی ده کرد، یاکاتی تێکه ڵکردنی ده ست له گه ڵ دوژمناندا پرسی پێ بکرایه ئه و ڕازی نه ده بوو، هه روه ها ئێستاش ئه گه ر گوێ بۆ هاوارو داواکانی خه ڵك بگیرێ ده بێ ده ست به جێ ئه و دوو ئیداره حوکومییه ی کوردستانیان به ش کردووه ببنه وه به یه کو خۆ سازبدرێ بۆ هه ڵبژاردن چونکه بیانوو نه ما.

2- ژێر خان و ئابووری به هێز .

هه رگیز دیموکراسی له ژێر سایه ی ژێرخان و ئابووری لاوازدا دروست نابێ و گه شه ناکات.

ئه گه ر ئابووری هه رووڵاتێك یان کۆمه ڵگایه ك شپرزه و ته پیوو بێت ئه وا کاره دزێوه کان زاڵده بن و جێیه ك نامێنێته وه که دیموکراسی چاوی تیا هه ڵبێنێ، ئه گه ر نان بۆ خه ڵکی دابین نه کرێ ئه وا ناتوا نرێ به ر له تاوان بگیرێ، وه ئه گه ر تاوانیش زۆر بوو سه پاندنی یاسا سه خت ده بێ و به و پێیه ش که یا سا جێگیر نه بوو مافه کان زه وت ده کرێن و ئازادییه کان سه رکوێر ده بن و

له ئه نجامیشدا دیموکراسی له دایك نابێ وه یان له زکماکه وه (که م ئه ندام) ده بێ.

له زه مانی زووه وه له ژێر سایه ی ڕژێمی سه ددامدا ئابووری و ژێر خانی کوردستان لاوازو فشه ڵ بوه وبه ده ستی مه به ست بێ خزمه ت بوه. . ، له دوای نه مانی ده سه ڵاتی ئه و ڕژێمه له کوردستاندا و له 12 ساڵێ ڕابردودا (جگه له دانانی پاڵاوتگه ی شیواشۆك) هیچ هه وڵیکی گه وره نه دراوه بۆ بوژاندنه وه ی ژیر خانی کوردستان و گه شه کردنی ئابوریه که ی. . ، ئه و کارگه که مانه ی له ناوچه که دا هه بون کاریان کردوه به ڵام به شێوه یه کی به رچاو کاریگه ر نه بون وه یا ئه و پاره و پوله ی له سنوره کان کۆ کراونه ته وه (که ده یتوانی کاریگه ر بێت) به کا ر نه هێنراوه و سودی لێ وه رنه گیراوه، مه گه ر له خزمه ت گه رمکردنی شه ڕی ناوخۆ و به هێز کردن و پڕ چه ککردنی حیزبه کاندا بوبێ.

دیموکراسی ته نها ئه وه نییه ماف بۆ خڵکی دابین بکه ی، به ڵکو له به را مبه ریشدا ده بێ ئه رکیشی به سه ردا بسه پێنی، تۆ کاتێك نه توانی مافه کانی بۆدابین بکه ی چۆن داوای ئه رکی لێ ده که ی، چۆن ده توا نی به (نانفرۆشیك) بڵێی ده بێ نان به هه رزان بفرۆشی ئه گه ر تۆ ئاردو پێویستیه کانی به هه رزان بۆ دابین نه که یت و ئه و به گران بیکڕێ. ، چۆن ده توانی به فه رمانبه ر بڵێی به رتیل وه رمه گره ئه گه ر مووچه ی نه ده یتێ، یان چۆن به بێکار ده ڵێی کاری دزێو مه که ئه گه ر بیمه ی بێکاری نه ده یتێ. . هتد. .

که واته له نه بوونی یاسادانانتوانرێ دیموکراسی بچه سپێنرێ، جیاوازی نێوان کۆمه ڵگایه کی پێشکه وتو و کۆمه ڵگایه کی دواکه وتو ته نها جێ به جێکردنی یاسایه، چونکه که یاسا به شێوه یه کی یه کسان وبێ جیاوازی به سه ر هه موو که سدا جێ به جێکراو لێبوردنی نه بوو به رامبه ر تاوان، ئه وا ده کرێ سیاسه تێکی ژیرانه پیاده بکرێ، وه سیاسه تیش سه رکه و توو نابێ تا ئابوریه کی به هێز پشتی نه گرێ وه ئه و ئابوریه ش پێویسته به ده ستی ئیداره یه کی ژیره وه بێت تابزانێ چۆن به کاری ده هێنێ له خزمه ت به رژه وه ندی گشتیدا، وه بۆ هه بونی ئه و ئیداره یه ش پێویست به (ئیراده یه کی) پۆڵاین ده کات که باوه ڕی به پێکه وه ژیان و یه کسانی و ئا زادی هه بێت بۆ ئه وه ی دیموکراسی به ته واوه تی بخه ملێ و ببێ به سیستمێك بۆژیا ن.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**